# The aims of studying in a foreign language and its effect on the mother tongue from the perspectives of parents (studying in an English language setting in Erbil Province as an example)

Sherzad Saeed Sedeeq[1], Hazha Chicho Mohammed Amin [2]

[1] Soran University- Faculty of Education

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.21*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*In the last decade, parents' desire to educate their children in English has increased. The researcher has tried to get parents' views on educating their children in second language/English. It aims to find out what strategies the parents (whom their children study in English) have used to help their children learn English faster. At the same time, why do they want their children study in English language? What measures have they taken to preserve the Kurdish language among their children? The researcher has used qualitative method in order to achieve the objectives and answer the research questions and data collection. This method includes several procedures, including interviews, reports, observations, etc. The questionnaire method is one of these methods, the researcher followed to obtain information from the parents of the participants. The questions of this type are semi-closed questions, because the questions are designed in such a way after answering them by the participants, it asks for explanations. As a result, the researcher concluded that education in English has had a great impact on their children's Kurdish language and parents are generally not aware of the negative aspects of this type of education. Although they have had a positive attitude towards education in Kurdish, despite their desire to preserve their mother tongue, they have not been able to succeed in the measures they have taken to preserve their children's mother tongue/Kurdish. This significantly has led to language attrition among their children.*

***Keywords:*** *Mother tongue, Second language, Medium of Instruction, Family bilingualism, Multilingualism, Language attrition*

# ئامانجی خوێندن بە زمانی بێگانە و کاریگەریی لەسەر زمانی دایک لە ڕوانگەی بەخێوکەرانەوە

## (خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لە پارێزگای هەولێر بە نموونە)

پ.ی. د شێرزاد سعید صدیق
زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی پەروەردە
Sherzad.sedeeq@soran.edu.iq

م.ی هاژە چیچۆ محمدئەمین
زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی پەروەردە
hazha.ameen@soran.edu.iq

**پوختە:**

لەم دە ساڵەی دواییدا خواستی دایک و باوکان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی زیادیکردوە. توێژینەوەکە هەوڵی داوە تێڕوانینی دایک و باوکان لەسەر پەروەردەکردنی منداڵەکانیان بە زمانی دووەم/ئینگلیزی وەربگرێت و ئامانجیەتی ئەوە بزانێت، بەخێوکەران بۆچی دەیانەوێت منداڵەکانیان بەم زمانە بخوێنن، لە هەمانکاتتدا چ ستراتیژییەکیان بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانیان بۆ زووتر فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەکارهێناوە؟ چ ڕێکاریکیان بۆ پاراستنی زمانی کوردی لای منداڵەکانیان گرتۆتەبەر؟

توێژینەوەکە بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا، میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێناوە. ئەم میتۆدە چەندین شێواز لە خۆدەگرێت، لەوانە: چاوپێکەوتن، بەرژەنامە، تێبینیکردن،...هتد. شێوازی بەرژەنامە (فۆرمی ڕاپرسی) یەکێکە لەم شێوازانەی توێژینەوەکە بۆ دەستکەوتنی زانیاری لە بەخێوکەری بەشداربووواندا پەیڕەوی کردووە، پرسیارەکانی ئەم جۆرە شێوازەش لە جۆری پرسیاری نیوە داخراون، چونکە پرسیارەکان بە جۆرێک داڕێژراون کە دوای وەڵامدانەوەی بەشداربووان، داوای ڕوونکردنەوەیان لێدەکرێت. لە ئەنجامدا توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە بەگشتی بەخێوکەران هەڵوێستی ئەرێنییان بەرانبەر بە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی هەبوو، چونکە ئایندەی منداڵەکانیان لە زانینی زمانی ئینگلیزیدا دەبیننەوە. بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا دەیانەوێت زمانی دایکی منداڵەکانیان پارێزراوبێت، ئەگەرچی لەڕێگەی ئەو ڕێکارانەی گرتوویانەتەبەر نەیانتوانیوە سەرکەتووبن و منداڵەکانیان بەرێژەیەکی بەرچاو تووشی داخورانی زمانیی ببون.

**وشە کلیلیەکان:** زمانی دایک، زمانی دووەم، زمانی خوێندن، جووتزمانی خێزانی، فرەزمانی، داخورانی زمان.

# ئامانجی خوێندن بە زمانی بێگانە و کاریگەریی لەسەر زمانی دایک لە ڕوانگەی بەخێوکەرانەوە

## (خوێندن بە زمانی ئینگلیزی لە پارێزگای هەولێر بە نموونە)

## پێشەکی

**ناونیشان و بواری توێژینەوە:** ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (ئامانجی خوێندن بە زمانی بێگانە و کاریگەریی لەسەر زمانی دایک لە ڕوانگەی بەخێوکەرانەوە) تەرخانکراوە کە دەچێتە ناو بواری زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە و تێیدا تێڕوانینی بەخێوکەران لەسەر دابەزاندنی پێگەی زمانی دایک/ کوردی لەناو ژینگە زمانییەکەی خۆییدا، دەخاتەڕوو.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەت و گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بە بەڵگەی زانستی لایەنی پەیوەندیدار، کە وەزارەتی پەروەردە و دایک و باوکانن، لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی خوێندن بە زمانی دووەم/ ئینگلیزی لەسەر قوتابیان و منداڵەکانیان ئاگادار دەکرێنەوە. هەروەها ئەم توێژینەوە بەخێوکەران ئاگادار دەکاتەوە کە پێویستە لەم سەردەمە جیهانگیرییەدا پارێزگاری لە زمانی دایکی منداڵەکانیان بکەن، چونکە ئەوان ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی ئەم زمانەدا منداڵەکانیاندا هەیە. لەبەرئەوەی هەندێک لە بەخێوکەران بڕیاری ئەوە دەدەن منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بنێرن، بۆیە توێژینەوەکە بە پێوستی زانی تێڕوانینی بەخێوکەران لەسەر خوێندن بە زمانی ئینگلیزی و ئەو ڕێکارانەی بۆ زووتر فێربوونی زمانی دووەم دەیگرنەبەر و پاراستنی زمانی دایک لای منداڵەکانیان، وەربگیرێت .

## گریمانەی توێژینەوە

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە دایک و باوکان پێیان وایە بە تەنها قسەکردن بە زمانی دایک/کوردی لەماڵەوە و لەگەڵ منداڵەکانیاندا، دەتوانن پارێزگاری لە زمانی دایک/ کوردی بکەن.

## پرسیاری توێژینەوە

١.ئایا دایک و باوکان بەلایانەوە گرنگە منداڵەکانیان دوو زمانە بن، واتە لەپاڵ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، زمانی دایکیان بپارێزن؟

٢.ئایا دایک و باوکان لە پاراستنی زمانی دایکی منداڵەکانیاندا توشی ئاستەنگ بوونەتەوە؟

٣.بۆچی دایک و باوکان دەیانەوێت منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن؟

## ئامانجی توێژینەوە

توێژینەوەکە ئامانجیەتی بزانێت بۆچی دایک و باوکان منداڵەکانیان بۆ ئەو قوتابخانانەی کە زمانی خوێندن تێیاندا بە ئینگلیزییە دەنێرن، لە کاتێکدا خوێندن لەم جۆرە قوتابخانانە خەرجییەکی زۆری دەوێت و لە هەمان شوێنیشدا قوتابخانەی خوێندن بە زمانی کوردی هەیە و خوێندن تێیدا بەخۆڕاییە. واتە توێژینەوەکە دەیەوێت تێڕوانینی دایک و باوکی ئەو منداڵانە وەربگرێت کە لە قوتابخانەیەک دەخوێنن خوێندن تێیدا بە زمانی دووەم/ئینگلیزییە. هەروەها توێژینەوەکە ئامانجیەتی بزانێت ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان لە خوێندنی زمانی ئینگلیزی دەخوێنن چ ستراتیژییەکیان لەماڵەوە بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانیان بۆ زووتر فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەکارهێناوە، چونکە خێزان هەیە لە ماڵەوە سیاسەتی زمانی ئینگلیزی بە جۆرێک پەیڕەودەکەن کە هەموو شتێک کە بەزمانی کوردی بێت لە منداڵەکانیان دوور دەخەنەوە.

## کێشەی توێژینەوە

لە دەیەی ڕابردوودا و ساڵ دوای ساڵ ویستی دایک و باوکان بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی ڕوو لە هەڵکشانە کە ئەمەش تێڕوانینی ئەرێنی بەخێوکەران سەبارەت بەخوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەخاتەڕوو. بۆیە ساڵ بە دوای ساڵ ژمارەی قوتابخانەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی ڕوو لە زیادبوونە و بە شێوەیەک ئەگەر بەو جۆرە بەردەوام بێت، قوتابخانەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی شوێنی قوتابخانە نیشتیمانییەکان دەگرنەوە، بێ ئەوەی دایک و باوکان ئاگاداری لایەنە نەرێنییەکانی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بین.

## ناوەڕۆکی توێژینەوە

چوارچێوەی کارکردنی ئەم توێژینەوەیە لەسەر تێڕوانینی (Kim,2007) دامەزراوە، چونکە لە کاتی دەستنیشانکردنی بنەما نازمانییەکانی داخورانی زمانی دایک، **خێزان** بە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم داخورانە دەستنیشان دەکات. ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و پاشکۆ لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت. بەشی یەکەمی باس لە زمانی خوێندن و زمانی دایک لەگەڵ جووتزمانی خێزانی دەکات. بەشی دووەم، بەشێکی کارەکییە و تایبەتە بە ناساندن و شیکردنەوەی داتاکان کە لە ڕێگەی فۆرمەوە بەدەستهاتووە.

## کۆمەڵگەی توێژینەوە

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو دایک و باوکانەی کە منداڵەکانیان لە هەریەکە لە قوتابخانەکانی معارفی نێودەوڵەتی لە شاری هەولێر و قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانن، واتە ئەو دایک و باوکانە بەشدارن کە بڕیاریانداوە منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن و هەموو بەشداربووان زمانی یەکەمیان زمانی کوردییە و واتە لە نەتەوەی کوردن. هەڵبژاردنی قوتابخانەکان بە هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبووە، بەڵکو هەڵبژاردنی ئەو قوتابخانانە بە مەبەست بووە، واتە دایک و باوکی ئەو قوتابییانە وەرگیراون کە

منداڵەکانیان لە هەریەکە لەم دوو قوتابخانەیەن، چونکە توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەی کردووە داخورانی زمانی لەلای قوتابیانی هەریەکە لەم دوو قوتابخانەیە کە خوێندن تێیدا بە زمانی ئینگلیزییە، ڕووی داوە.

## میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە میتۆدی چۆنایەتی پەیڕەوکردووە و داتاکەی لە یەک جۆر پێکهاتووە کە بەخێوکەران دەگرێتەوە، هەروەک لە خوارەوە دەخرێتەڕوو:

بەرژەنامەکە (فۆڕمی ڕاپرسی) خۆی لە سێ پرسیار بۆ بەخێوکەری قوتابیانی بەشداربوو دەبینێتەوە، هەوڵدراوە پرسیارەکان بە جۆرێک دابڕێژرێن تاوەکو بۆچوون و بیرکردنەوەی بەخێوکەران لەسەر ناردنی منداڵەکانیان بۆ خوێندن بە زمانی ئینگلیزی و بۆچوونیان لەسەر پاراستنی زمانی دایک/ کوردی وەربگیردرێت. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەر سێ پرسیارە ئامادەکراوەکانی خستە بەردەستی (٩) کەسی شارەزا و پسپۆڕی زمانەوانی و کۆمەڵناسی و دەروونناسی بۆ ئەوەی بۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەر هەر پرسیارەک لە پرسیارەکانی ئەم بەرژەنامەیە، کە توێژەر پشتی پێبەستووە، بخەنەڕوو. شارەزایان دوو هەفتەیان بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستاندنی پرسیارەکان لەبەردەستبوو. بۆ  زانینی ناوی شارەزایان و پسپۆڕان و شوێنی کارکردنیان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

دوای ڕاستاندنی هەر سێ پرسیارەکە، فۆڕمە ڕاپرسییەکە لەگەڵ نامەی ڕەزامەندی بەخێوکەران لە ڕێگەی قوتابیانی بەشداربوو بەدەستی بەخێوکەرانی بەشداربوو گەیەندرا کە دوو هەفتەیان لەبەردەست بوو بۆ وڵامدانەوە و ناردنەوەی وەڵامەکان بۆ کارگێری قوتابخانەکان، چونکە توێژەر لەڕێگەی کارگێری قوتابخانەکانەوە دەیتوانی پەیوەندی بە بەخێوکەرانی قوتابیانی بەشداربووەوە بکات. دواتر لەلایەن توێژەرەوە فۆڕمەکان وەرگیرانەوە. بۆ زانیاری لەسەر پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسی بڕوانە پاشکۆی (٢).

## ئیتیکی توێژینەوە

توێژەرەکە لەکاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە تەواوەتی ئەخلاقییەتی توێژینەوەی لەبەر چاو گرتووە. بەر لە دەستکردن بە داتا کۆکردنەوە کاری لە پێشینەی توێژینەوەکە وەرگرتنی

ڕەزامەندی بەشداربووان بوو، چونکە بە بێ ڕەزامەندی بەشداربووان توێژینەوەکە نەیدەتوانی هیچ زانیارییەک کۆبکاتەوە. بۆیە هاوپێچ لەگەڵ فۆڕمی بەرژەنامەی بەخێوکەران، کە لە سێ پرسیار پێکهاتبوون، فۆڕمی ڕەزامەندی بەخێوکەرانیش هاوپێچی فۆرمی پرسیارەکان کران و بۆیان نێردران. بۆ بینی فۆڕمی ڕەزامەندی بەشداربووان، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣). واتە بەخێوکەران ئازادبوون لەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە یاخود نا، بۆیە دوای دابەشکردنی ٩٥ فۆڕمی ڕاپرسی بۆ بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی و ٩٢ فۆڕمی بەرژەنامە بۆ بەخێوکەرانی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس تەنیا ٣١ بەخێوکەر لە معارفی نێودەڵەتی و ٤٥ بەخێوکەریش لە سۆرانی نێودەوڵەتی سۆران وڵامی پرسیارەکانیان دایەوە.

## ١.١ زمانی خوێندن [1] و زمانی دایک [2]

زمانی خوێندنی منداڵ پرسێکی هەستیارە و دەبێت هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. پرۆسەی وەرگرتن و گەشەی زمانی دایک لای منداڵ تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە و لەم بارەیەوە بەشێکی زۆر لە توێژینەوەکان [3] ئاماژەیان بەوە کردووە، منداڵ تا تەمەنی ١١ بۆ ١٢ ساڵی لە پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دایکیدایە، واتە تا نەگات بە دەوروبەری ئەم تەمەنە توانای زمانیی لە گشت ئاستەکانی زمانی دایکیدا جێگیر نابێت و کاتێک منداڵ دەگاتە تەمەنی ١٢ ساڵی زمانی دایکی بەرەو مەیین دەڕوات. بۆیە پێویستە منداڵ زمانی خوێندنی بە زمانی دایکی بێت "بەتایبەت لە (١٠) ساڵی یەکەمی تەمەنیدا" (شیلان عومەر حسێن،٢٠٢١: ٢٨٦)، لەبەر ئەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا لە پرۆسەی وەرگرتنی زماندایە و زمانەکەی هێشتا لە قۆناغی مەییندایە، بۆیە ئەگەر ئەم منداڵە پێش ئەم تەمەنە بخرێتە بەر ژینگەیەکی دەستکردی زمانی دووەم، ئەوا لەم حاڵەتەدا پرۆسەکە دەگۆڕدرێت و پرۆسەی فێرکردنی زمانی دووەم شوێنی پرۆسەی وەرگرتنی زمانی دایک دەگرێتەوە.

لەم بارەیەوە ڕێکخراوی یونسکۆ توێژینەوەیەکیان بە ناونیشانی (پەروەردە لە جیهانێکی فرەزمانییدا) بڵاوکردوە و ئاماژە بەوە دەکەن: " بە گشتی فێرکردنی زمانی دایک ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمانی دایکی فێرخوازان وەکو میدیایەکی فێرکردن. سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت ئاماژە بە زمانی دایک وەک بابەتێکی فێرکردن بکرێت و بە پێکهاتەیەکی گرنگی پەروەردەی کوالێتی و بە تایبەتی لە ساڵانی سەرەتاییدا، دابنرێت. بۆچوونی پسپۆڕان ئەوەیە کە فێرکردنی زمانی دایک دەبێت هەم فێرکردنی خودی زمانەکە و هەم فێرکردن لە ڕێگەی هەمان زمانەوە بگرێتەوە" (UNESCO2003:14). بە واتایەکیتر، لە ڕێکخراوی یونسکۆدا بەکارهێنانی زمانی دایک وەک میدیای فێرکردن بە تایبەت لە ساڵانی سەرەتای خوێندیندا و وەک بنەمایەکی سەرەکی و بە مافی منداڵان دەستنیشانکراوە. هەر لەم بارەیەوە عەدنان عبدولا (٢٠١٥) دەڵێت: "لەپەرلەمانی ئەوروپاش لە ٢٠٠٦/١٠/٤ بڕیاردرا زمانی قوتابخانە زمانی دایک بێت، هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەبێت زمانەکانی تر فێر ببێت، چونکە ئارەزووی فێربوون بە زمانی دووەم پێویستە، بەڵام بە ئارەزووی خۆی بێت و ناچارکردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدا نەبێت" (عەدنان عبدولا عبدولوەهاب،٢٠١٥: ١٧٦).

لەهەمان کاتێشدا شیلان عومەر (٢٠٢١) دەڵێت: "بابەتی زمانی دایک و خوێندن بە زمانی دایک بە تایبەتی لە (١٠) ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵییدا بە بنەمایەکی بنەڕەتی و سروشتی پەروەردە و فێرکردنی تاک لە کۆمەڵگادا دانراوە و مافی هەموو تاکێکە". پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت چەمکی زمانی پەروەردەیی بۆ یەکەم جار لەلایەن سپۆلسکییەوە بەکارهێنراوە و " ئامانج و مەبەستی سەرەکی زانستەکە بریتییە لە شیکردنەوەی ئەوەی، کە منداڵان چۆن فێردەبن؟ پەروەردەکارانیش چۆن بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن (چ باوان و خێزان بێت چ مامۆستایان بێت چۆن بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن؟ " (بەکر عومەر عەلی، کاروان عومەر قادر، ئاڤێستا کەمال محمود، ٢٠١١: ٣).

(کامینز، ١٩٧٩) ئاماژە بەوە دەکات: "منداڵان دەتوانن سەرکەوتنی پەروەردەیی بە زمانی دووەم بەدەستبهێنن، بەمەرجێک ئەگەر لەگەڵیدا گەشەپێدانی زمانی یەکەمیش گرنگی پێبدرێت و بە تایبەتیش لە پەرەپێدانی وشەسازی و چەمکەکانی پەیوەست بە قوتابخانەکەدا، چونکە ئاماژەی بەوەدا کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا ناتەبایی زمانی ماڵ و قوتابخانە دەبێتە هۆی دواکەوتنی بەدەستهێنان و پەرەپێدانی زمانی دووەم و ئەو پەروەردەیەی کە بەو زمانە پێشکەش دەکرێت. و هەروەها پێشنیازی کرد کە منداڵ دەبێت لە زمانی یەکەمدا بگاتە ئاستێکی دیاریکراو، پێش ئەوەی بتوانێت لە زمانی دووەمدا سەرکەوتوو بێت. ئەمەش بە 'گریمانەی ئاست threshold hypothesis' ناسراوە. پاشان ئەو ئاستانەی لە هەر زمانێکدا بەدەستدەهێنرێن، دواتر دەبنە هۆی کەڵەکەبوونی زانیاری لە یەکێکدا کە ئەوی دیکە بەهێزدەکات " Spolsky and Hult, 2008: 7979). واتە بە پێی بۆچوونی کامینز ئەگەر منداڵ زمانی یەکەمی شانبەشانی زمانی دووەم وەک میدیای فێرکردن لە قوتابخانەکاندا بەکارنەهێنرێت و زانستەکەی پێ نەخوێندرێت، ئەوا تووشی نێوان دژی دەبێت و بەمەش سەرکەوتنی پەروەردەیی بە زمانی دووەم بەدەستناهێنێت. واتە فێربوونی زمانی یەکەم بە کاملی، توانای منداڵ بۆ فێربوونی زمانی دووەم زیاتر دەکات. هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تێگەیشتنەدا، هەریەکە لە Brown, Hammond and Onikama1997) لە توێژینەوەکەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە "خوێندکارە جووتزمانەکان لە توانای پەیوەندیکردنی ئینگلیزیدا باشتربوون، چونکە سەرەتا بە زمانێک فێربوون کە لێی تێگەیشتوون. کاتێک منداڵان بە زمانی یەکەم وانە ئەکادیمییەکان دەخوێنن، توانای ئەم بابەتانە بە زمانی دووەم (ئینگلیزی)یش بەرزدەبێتەوە" Brown, Hammond and) Onlkama ,1997:13).

هەر لەبارەی زمانی دایک وەکو میدیای فێرکردن، Awuor(2019) دەڵێت: "بەکارهێنانی زمانی دایک وەک کەناڵێک کە لە ڕێگەیەوە زانست دەبەخشرێت، ناتوانرێت بێبایەخ بکرێت" (Awuor, 2019: 95). واتە هەر زمانێک بۆ زانست و زانیاری بەکاربهێنرێت، ئەوە هیچ کاتێک ڕووبەرووی پەراوێزخستن و کەمبایەخی نابێتەوە. کەچی بە پێچەوانەوە ئەوەی لە سیاسەتی زمانی باشوری کوردستاندا دەکەوێتەوە، بە هۆی گرنگیدانی زیاتر بەو قوتابخانانەی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە و هەبوونی کەمترین سەرچاوەی زانستی بە زمانی دایک لە زانکۆکاندا،

وایکردوە وردە وردە داواکاری لەسەر خوێندنی زمانی ئینگلیزی بە بەراورد بە زمانی دایک زیاتر بێت، چونکە گەورەترین گرفت و یەکەمین گرفت، کە قوتابی ڕوووبەڕوی دەبێتەوە نەبوونی سەرچاوەی زانستییە بە زمانی دایک لەم قۆناغەدا و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێپلانی لایەنی پەیوەندیدار لە جێبەجێکردنی سیاسەتی زمان لەم هەرێمەدا.

لەبارەی گرینگیدان بە خوێندن بە زمانی دایک لە قوتابخانە جووتزمان و فرەزمانەکان و بەتایبەت لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا (Tembe and Norton, 2008: 34) دەڵێن: "ژمارەیەکی بەرچاو لە توێژینەوەکان پشتگیرییەکی قایلکەریان بۆ پێشخستنی پەروەردەی زمانی دایک لە سالانی سەرەتای خوێندندا پێشکەشکردووە. ئەم توێژینەوانە ئەو دۆسیەیە دەخەنەڕوو کە زانیاری و لێهاتوویی بەدەستهاتوو لە زمانی دایکدا دەتوانێت لە سەرانسەری زمانەکاندا بگوازرێتەوە و منداڵانی فرەزمان لە قوتابخانەدا ئاستێکی باشتریان هەیە کاتێک قوتابخانە بە شێوەیەکی کاریگەر زمانی دایکیان فێردەکات. "

هەر لەم ڕوانگەیەوە ئاڤێستا کەمال (٢٠١٦) دەڵێت: " پتەوی فەرهەنگی زمانی دایک هۆکاری فێربوونێکی دروستی زمانی دووهەمە، ئەمەش لە ڕێگای ناساندنی تەواو و پڕاوپڕی چەمکەکانە لە زمانە دایکەکەدا و پێچەوانەکەشی هۆکارە بۆ لاوازبوونی زمانی دایک و زمانی دووهەمیش ڕووبەڕووی دوو ئەگەر دەکاتەوە، کە ئەوانیش جێگیرنەبوونی زمانەکەیە بە شێوەیەکی دروست یان هەڵدەستێت بە جێگە لێژکردن بە زمانی دایک و چەمکەکانی خۆی دەکاتە شوێنی"( ئاڤێستا کەمال محمود، ٢٠١٦: ١٨).

واتە بەشێکی زۆر لە لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکانی ئێستا لەسەر فێرکردنی قوتابییان بە زمانی ئینگلیزی پشتگیری خۆیان بۆ گرینگیدان بە زمانی دایکی قوتابییان لە قوتابخانەدا دەردەبڕن، چونکە پێیان وایە بەکارهێنانی زمانی زگماکی وەک میدیای فێرکردن و بە بەراورد بەو منداڵانەی کە بە زمانی بێگانە دەخوێنن، زۆر سودبەخشترە، هەر وەک لە لایەن Tharp and (Gallimore,1989) پشتڕاستکراوەتەوە.

بۆ زیاتر پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونی ئەم لێکۆڵەرانە کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بۆ سەرکەوتنی تاک یاخود وڵات مەرج نیە، نموونەی چەندین وڵاتی پێشکەوتوو هەیە کە ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان خوێندویانە و سەرکەوتنێکی بەرچاویان لە ئاستی دونیادا بەدەستهێناوە. هەروەک Awuor(2019) ئاماژە بەوە دەکات: "فێرکردن بە زمانی دایک بە تایبەتی لە پۆلەکانی سەرەتادا کلیلی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکانە. بۆیە پێویستە گرنگی پێبدرێت و سەرچاوەی پێشکەوتوو بخرێتە بەردەستی جێبەجێکارانی سیاسەتەکەوە و هەروەها بەڵگە لەسەر ئەو سوودانە پێشکەشکراوە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانە زگماکییەکاندا و لە بڵاوکردنەوەی زانیاریدا بۆ قوتابیان کۆدەبنەوە. بۆ نموونە وڵاتانی وەک چین و ژاپۆن و ڕوسیا، گەرچی قوتابییەکانیان بە زمانی ئینگلیزی فێرناکەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێشکەوتنێکی زۆریان لەبواری تەکنەلۆژیادا بەدەستهێناوە"(Awuor, 2019: 106) .

یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکان کە جێگای تێرامان و لەسەر وەستانە، هەڵبژاردنی زمانی خوێندنی منداڵانە لەلایەن بەخێوکەرانەوە، کە چی وای لێکردوون قوتابخانەیەک هەڵبژێرن کە زمانی خوێندن تێیدا بە زمانی زگماکی خۆیان نەبێت، ئایا بۆ ئەوەیە کە داهاتووی منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن یاخود نا؟ ئێمە ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە تاوەکو بۆچوونی بەخێوکەران وەرنەگیردرێت، چونکە ئەمە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە و ئەوان منداڵەکانیان دەنێرن بۆ ئەو قوتابخانانەی خوێندن تێیدا بە زمانی دووەمە. واتە ئەوەی ڕۆڵی هەیە لە بڕیاردان بۆ خوێندن بە زمانی دووەم/ ئینگلیزی بەخێوکەرانن و نەک خودی منداڵەکان، چونکە ئەو قوتابییانە لە تەمەنێکی بچوکەوە و لە باخچەی ساوایانەوە بۆ خوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەنێردرێن بە بێ ئەوەی مافی هەڵبژاردنی زمانی خوێندنیان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بۆچوونی Phillipson(1996) وەربگرین، دەڵێت: "هەڵبژاردنی قوتابخانە بەشێکی پرسێکی پراکتیکییە و بەشێکیشی پرسیاری ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە تا چ ڕادەیەک ڕۆشنگەرە؟ ئایا دایک و باوکان ئاگاداری هەڵبژاردەکان و دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانن یان نا؟ لە هیندستان قوتابخانە ئینگلیزییەکان - قوتابخانەکانی تر ڕادەماڵن، ئەویش نەک لەبەر ئەوەی کە ئینگلیزی زمانی چینێکی باڵای کۆمەڵگا بێت، کە ئەوەش بە دڵنیاییەوە بۆ هەموان وانییە، بەڵکو زیاتر بەهۆی پشتگوێخستنی قوتابخانە حکومییەکانەوە. ئەم قوتابخانە حکومییانە بە شێوەیەکی گشتی زمانی زاڵی ناوچەکە بەکاردەهێنن و لەڕووی پاڵپشتی داراییەوە و لەلایەن سیاسییەکانەوە پشتگوێ خراون کە خۆیان منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە ئینگلیزی زمانەکان. ئەم قوتابخانانە لە ڕووی کوالێتیەوە زۆر جیاوازن، ئەوە ڕەنگە هەڵبژاردنێکی پەروەردەیی گونجاو نەبێت"(Phillipson، 1996: 165).

## ٢.١ جووتزمانی خێزانی

جووتزمانی خێزانی یەکێکە لەو جۆرانەی کە بەخێوکەران بۆ دروستبوون و گەشەپێدانی، ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن. واتە هیچ دەسەڵاتێکی منداڵانی تێدا نییە و بەڵکو دەوەستێتە سەر ئەو ژینگە زمانییەی کە لە ماڵەوە بەخێوکەران بۆیان دروستکردوون. جا چ لەڕێگای هاوسەرگیری دایک و باوکی نەتەوە جیاواز بێت، یاخود لە ڕێگای ناردنی منداڵەکانیان بۆ ئەو قوتابخانانەی کە خوێندن تیایاندا بە زمانە بیانییەکانە. هەر لەم ڕوانگەیەوە بۆچوونی چەند لێکۆڵەرێک وەردەگیردرێت. شیلان عوسمان (٢٠١٧) بەم جۆرە جووتزمانی خێزانی دەناسێنێت و دەڵێت: "ئەم جۆرە جووتزمانییە کاتێک دروستدەبێت کە تاک بڕیاری نییە لە وەرگرتنی، لەبەر ئەوەی لە خێزانێک لە دایکدەبێت یا پەروەردەدەبێت کە دوو سیستەمی زمانی جیاوازی تێدا بەکاردێت، بەهۆی جیاوازیی سیستەمی زمانی دایک و باوک، بۆ نمونە دایکەکە زمانی کوردی بەکاردەهێنێت، بەڵام باوکەکە زمانی تورکی، منداڵەکە پێویستە خۆی ڕووبەڕووی دوو سیستەمی زمانی جیاواز ببێتەوە، لەگەڵ دوو سیستەمدا گەشەدەکات لە کۆتاییدا ئەو سیستەمەیان سەردەکەوێت و وەک زمانی بیرکردنەوە (زمانی دایک) قبووڵ دەکرێت، کە لە ڕووی دەروونییەوە تاکەکە هۆگریەتی" (شیلان عوسمان عبدالرحمن،٢٠١٧: ٩)، بەڵام هەرچی Mak et al(2023) لە

لێکۆڵینەوەکەیاندا کە لەسەر تێڕوانینی دایک و باوکان لەبارەی جووتزمانی و وشەسازی زمانی ماڵەوەی منداڵە گەنجە جووتزمانەکان لە خێزانە داهات نزمەکانی کۆچبەرە مەکسیکییە ئەمەریکییەکان و چینییە ئەمەریکییەکاندا ئەنجامیان داوە، ئاماژە بەوە دەکەن کە "بیروباوەڕی دایک و باوک بەرانبەر بە ژینگەی جووتزمانی و زمان و خوێندەواری پەیوەستە بە گەشەکردنی زمانی منداڵانەوە. واتە پاراستنی زمانی ماڵەوەی منداڵان بۆ پەروەردەکردنی گەشەکردنی جووتزمانی زۆر گرنگە" (Mak et al, 2023:1). واتە ئەوەیان یەکلا کردۆتەوە کە بۆ پاراستنی جووتزمانییەکی هاوسەنگ پێویستە زمانی ماڵەوە، کە مەبەست لێی زمانی دایکە پارێزراوبێت بەرانبەر بەو زمانەی کە شانبەشانی زمانی کۆمەڵگاکە بەکاردەهێندرێت. هەر لە هەمان توێژینەوەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە "هەڵبژاردنی زمانی قسەکردن و ڕادەی بەکارهێنانی زمانی ویستراو لەلایەن دایک و باوکانەوە کاریگەری لەسەر قوتابییانی جووتزمان هەیە، هەروەها لەگەڵ چوونی منداڵان بۆ قوتابخانە زمانی ئینگلیزی لە ژیانی منداڵاندا زاڵدەبێت و بەرکەوتن و بەکارهێنانی زمانی دایک ڕەنگە تەنها لە ماڵەوە ڕووبدات" (Mak et al ,2023: 2).

## ١.٢ شیکردنەوەی داتای بەرژەنامە یان فۆرمی ڕاپرسی بەخێوکەرانی قوتابی

ئەم بەشەی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دیاریکردن و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بیرۆکە و بۆچوونی بەخێوکەرانی قوتابیان لەسەر زمانی دایک/ کوردی و خوێندنی منداڵەکانیان بە زمانی دووەم/ئینگلیزی لە هەریەکە لە قوتابخانەکانی معارفی نێودەوڵەتی و قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس، بە ئامانجی وەڵامدانەوەی سێ پرسیاری توێژینەوەکە، کە لەم بەشەدا دەخرێنەڕوو. بۆ شیکردنەوەی داتاکانیش میتۆدی وەسفی چۆنایەتی Qualitative descriptive method بەکارهێنراوە. بەڵام بەهۆی زۆری ژمارەی بەشداربووان/بەخێوکەران پێویستی کرد ئاماری وەسفی بۆ حیسابی فریکوێنسیی وەڵامدانەوەی بەخێوکەران بەکاربهێنرێت، چونکە بەهۆی زۆری قەبارەی نموونەی توێژینەوەی بەخێوکەران نەتوانرا هەموو کۆمێنتەکان وەربگیردرێن، بەڵکو بەشێک لەو کۆمێنتانە وەرگیراون کە گوزارشت لە کۆی بابەتە پۆلێنکراوەکان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمێنتە نووسراوەکان کۆکراونەتەوە و دواتر بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک بابەتەکان پۆلێنکراون و ئینجا ناویان لێنراوو و ژمارەیان بۆ دانراوە.

پرسیاری یەکەم

یەکێک لە پرسیارە نیمچەکراوەکانی ناو بەرژەنامەکە لە بەخێوکەری قوتابی ئەوەیە کە ( ئایا بەلاتەوە گرنگە منداڵەکەت لە کەمترین ماوەدا فێری زمانی ئینگیلیزی ببێت؟ چ ڕێکارێک لە ماڵەوە و بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانتان بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لە کەمترین ماوەدا فێری زمانی دووەم/ ئینگلیزی ببن؟ تکایە ڕوونی بکەرەوە)

٣١ بەخێوکەری قوتابی لە قوتابخانەی معارفی نێودەوڵەتی وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە. دەرەنجامەکان دەریان خستووە ٥١.٦٪ ی بەخێوکەران بەلایەنەوە گرنگ بووە کە لە کەمترین ماوەدا منداڵەکانیان فێری زمانی ئینگلیزی ببن، بۆیە ڕێککاری تایبەتیان گرتۆتەبەر بۆ

هاندان و فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەلایەن منداڵەکانیانەوە. هەر لەسەر هەمان تێڕوانین و ڕێککاری تایبەت لەکۆی ٤٥ بەخێوکەری قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس ٢٧ بەخێوکەر هەمان تێروانینیان هەیە کە٦٠٪ی بەخێوکەران دەگرێتەوە.

لەبەرامبەردا ٤٨٪ی بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی بەلایانەوە گرنگ نەبووە کە منداڵەکانیان لە کەمترین ماوەدا فێری ئەو زمانە ببن، بۆیە هیچ ڕێکارێکی وایان بۆ باشترکردنی زمانی ئینگلیزی منداڵەکانیان نەگرتووەتەبەر، چونکە پێیانوایە پێویست ناکات پلان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی دابنێن، لەبەر ئەوەی لە بنەرەتدا و لە ڕێگەی خوێندن لە قوتابخانەکەیاندا فێری ئەو زمانە دەبن و کێشەی فێربوونی ئەم زمانەیان نابێت. بەهەمان شێوە ٤٠٪ی بەخێوکەرانی قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیسیش لەگەڵ ئەم بۆچوونەن. واتە بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم بەخێوکەرانی هەردوو قوتابخانەکە دابەشی سەر دوو بۆچوونی جیاوازبوون، کە لەخوارەوە هەردوو بۆچوونە جیاوازەکەی بەخێوکەرانی هەردوو قوتابخانەکە دەخرێنەڕوو:

لە ڕوانگەی گرتنەبەری ڕێکاری تایبەت بە منداڵەکانیان بۆ خێراتر فێربوونی ئەو زمانە، کە ٥١.٦٪ ی بەخێوکەرانی معارف و ٦٠٪ی بەخێوکەرانی سابیس دەگرێتەوە، لەم بارەیەوە بەخێوکەرێک دەڵێت: ***"بەڵێ زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەین تاوەکو زمانی ئینگلیزی زۆر باش فێربێت بەوەی کە هەموو بەرنامەکانی لاپتۆپ و ئایپاد و مۆبایلەکەی ئینگلیزین و سەیری ئەنیمەیشن و فیلمی ئینگلیزی دەکات و لەگەڵ خوشک و برای بەو زمانە قسەدەکات و هەموو ڕۆژ کتێبی ئینگلیزی دەخوێنێتەوە و چەند وشەکمان بۆ دەنووسی"*** بەخێوکەری (٤)، معارف.

بەخێوکەرێکیتریش دەڵێت: ***"بەڵێ گرنگە لە ماوەیەکی کەمدا زیاتر فێربێ و هەروەها دەتوانرێ بە شێوەیەکی ئاسانتر زمانی ئینگلیزی فێربێ لە ڕێگەی بە نەریتکردنی ڕۆژانە و دەکرێ بە ڕێگەی سەیرکردنی فیلم و خوێندنەوەی چیرۆک و گفتوگۆی ڕۆژانە بێت"*** بەخێوکەری (٥)، معارف. هەر لەم ڕوانگەیەوە بەخێوکەرێکی تر دەڵێت ***"دەبێت هەمیشە هاندەری منداڵەکان بن بۆ ئەوەی سەیری ئەفلام کارتۆن و فیلمەکانی تر بە زمانی ئینگلیزی بکەن تاکو ئاستی زمانیان باشتربێت"*** بەخێوکەری (٢٢)، سابیس. هەر لە قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیسیشدا بەخێوکەرێکی تر دەڵێت***"بەلامەوە زۆر گرنگە کە منداڵەکەم فێری زمانی ئینگلیزی ببێت وە بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنا بێت بە زمانەکەوە هانی دەدەم کە لەگەڵ خوشک و براکەی بە ئینگلیزی قسە بکات وە لە کاتی زیادە کتێبی ئینگلیزی بخوێنێتەوە"*** بەخێوکەری (٦)، سابیس.

بەپێی بۆچوونی هەر یەک لەم بەخێوکەرانەوە بێت، ئەوان بە تەنها پشتیان بە خوێندنی قوتابخانە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی منداڵەکانیان نەبەستووە، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا هەموو کارئاسانی و ڕێکارێکی تایبەتیان گرتووەتەتەبەر بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ژینگەیەکی لەبار بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی منداڵەکانیان دروستبکەن، واتە هەوڵیانداوە تەواوی چالاکییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بە زمانی ئینگلیزی بۆ دەستەبەر بکەن.

هەرچی بۆچوونی دووەم بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم کە تێڕوانینی ٤٨٪ ی بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی و ٤٠٪ی بەخێوکەرانی قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس دەگرێتەوە، پێیان وایە کە هەبوونی قوتابخانە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بەتەنها بۆ فێربوونی زمانەکە بەسە، بۆیە پێویست بە ڕێکاری تر کە بەخێوکەران بیگرنەبەر ناکات. لەم بارەیەوە بۆچوونی چەند بەخێوکەرێک لە هەر یەکە لەم قوتابخانانەوە وەردەگرین:

بەخێوکەرێک زۆر بە وردی باسی ئەم حاڵەتە دەکات و دەڵێت: " ***من کوڕەکەم لە (kg1) بە ئینگلیزی دەخوینێت بۆیە پێویستی نەکردووە من هەوڵی بۆ بدەم چونکە خوێندنی بە ئینگلیزی بووە"*** بەخێوکەری ، معارف.

هەر لەم بارەیەوە بەخێوکەرێکی تر دەڵێت: ***" نەخێر، چونکە لەسەرەتای خوێندنیەوە بە ئینگلیزی خوێندوویەتی و زۆر زۆر باشە لە زمانی ئینگلیزی"*** بەخێوکەری (٢)، معارف. یەکێک لە بەخێوکرانی سابیسیش دەڵێت: ***"دەرفەتی کەم لە ماڵەوە هەیە کەوا فێری زمانی ئینگلیزی ببێت، دەرفەتەکان زیاتر لە قوتابخانەیە و قوتابخانە زۆرترین کاتی بۆ زمانی ئینگلیزی داناوە"*** بەخێوکەری (٢٤). هەر لەهەمان قوتابخانە بەخێوکەرێکی تر دەڵێت: ***"هیچ هەوڵێکمان نەداوە زیاتر پشتمان بەستووە بە قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی"*** (٣)، سابیس.

ئەوەی لە تێڕوانینی هەریەکە لەم بەخێوکەرانەوە دەبینرێت ئەوەیە کە قوتابخانە ڕۆڵی سەرەکی و کاریگەری لە فێربوونی ئەم زمانەدا هەیە.

پرسیاری دووەم:

یەکێکی تر لە پرسیارە نیمچە کراوەکانی ناو ئەم پرسیارنامەیە بریتیە لە:" بۆچی بڕیارت داوە منداڵەکەت بنێریت بۆ قوتابخانەی خوێندنی ئینگلیزی و بۆچی دەتەوێت منداڵەکەت فێری ئەو زمانە ببێت؟ تکایە ڕوونی بکەرەوە"

لە کۆی ئەو ٣١ بەخێوکەرەی کە لە قوتابخانەی معارفی نێودەڵەتی وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، ٨٣.٨٪ ی باسیان لەوە کردووە کە زمانی ئینگلیزی زمانێکی نێودەوڵەتییە و زمانی دەستکەوتنی زانست و زانیارییە، زمانێکە داهاتووی منداڵەکەیان مسۆگەر دەکات و بۆیە پێیان وایە ئەگەر منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی نەخوێنن و ئەو زمانە نەزانن، ئەوا لە دواڕۆژدا بێ ئیش و کار دەمێننەوە و داهاتوویەکی نادیاریان دەبێت. واتە بەلای ئەوانەوە زانینی زمانی ئینگلیزی گەرەنتی ژیانی داهاتووی منداڵەکانیانە و بۆیە بڕیاریان داوە منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەی خوێندنی ئینگلیزی بنێرن. لەسەر هەمان تێڕوانین لە کۆی ٤٥ بەخێوکەری قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیسدا، ٤٣ بەخێوکەر بڕیاریان بە ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانەیەک کە خوێندن تێیدا بە زمانی ئینگلیزییە داوە کە ئەویش دەکاتە ٩٥.٥٪ ی بەخێوکەران. لە هەمان کاتدا تەنها دوو بەخێوکەر لە قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس هۆکاری ناردنی منداڵەکەیان بۆ خوێندنی ئینگلیزی بۆ گرنگیدانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەم زمانە دەگەڕێننەوە کە دەکاتە ٤.٤٪ی بەخێوکەران.

لە بەرامبەردا ١٦.١٪ی بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی بۆچوونێکی تریان هەیە کە خوێندن و زانینی زمانی ئینگلیزی تەنها وەک زانینی هەر زمانێکی تر بە پێوست دەزانن و داهاتووی منداڵەکانیان تەنها لە زانینی زمانی ئینگلیزیدا نابیننەوە. واتە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە سێ بۆچوونی جیاوازی بەخێوکەران هەیە، کە هەرسێکیان دەخەینەڕوو:

لە ڕوانگەی بۆچوونی یەکەمەوە چەند بەخێوکەرێک لە هەردوو قوتابخانەکە وەردەگیردرێت، یەکێک لە بەخێوکەرەکان دەڵێت: ***"زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە، زۆربەی سەرچاوە زانستییەکان، کە زۆر بەهێزن، لە بوارە جیاوازەکاندا بە زمانی ئینگلیزی بەردەستە، زۆر گرنگە بۆ داهاتووی منداڵان بە تایبەتی ئەگەر بتەوێت کەسێکی بەتوانای ئەکادیمی پێبگەیەنێت بۆ داهاتوو. هەروەها چانسی زیاترت دەبێت بۆ دەستکەوتنی کار و دابینکردنی دوارۆژی خۆی"*** (٧)، بەخێوکەری معارف.

بەخێوکەرێکی تر دەڵێت: ***"زمانی ئینگلیزی زمانێکی نێودەوڵەتییە واتە ئەو قوتابییە بچێتە هەر دەوڵەتێک بخوێنێت، تووشی کێشەی ئەو زمانە و وەرگرتنی لە زانکۆکانی جیهان نابێت، هەروەها بۆ کاتی ئیش وەرگرتن لە کۆمپانیا جیهانییەکان"*** (٨)، بەخێوکەری معارف.

یەکێکی تر لە بەخێوکەران دەڵێت" ***لەبەر ئەوەی هەر زانیارییەکت بووێت و بتەوێت فێری هەر شتێک بیت لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ئەوە دەبێت زمانی ئینگلیزییەکەت باش بێت، تەنانەت خوێندنیش دەتوانێت لە ڕێگەی نێتەوە بخوێنیت لە زانکۆ گەورەکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی. ئەمە جگە لەوەی لە ئێستادا هەرچی کۆمپانیای گەورە و ئینتەرناشناڵەکانن هەموو دەبێت زمانی ئینگلیزی زۆر باش بێت هەروەها ئیشە ناوخۆییەکانیش لە ئێستادا وایان لێهاتووە"*** (٩)، بەخێوکەری سابیس. لە هەمانکاتدا بەخێوکەرێکی تر دەڵێت" ***چونکە ئینگلیزی زمانێکی نێودەوڵەتییە و لە هەموو دنیا بەکاردێ و بۆ دوارۆژی منداڵەکە باشە"*** (١٠)، بەخێوکەری سابیس.

لە تێروانینی هەریەکە لەم بەخێوکەرانەوە ئەوە بەدەردەردەکەوێت کە ئەوەی منداڵەکانیان لە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەستیاندەکەوێت، لە خوێندن بە زمانی کوردی/ دایکدا دەستیاننا‌کەوێت و داهاتوویەکی نادیاریان دەبێت، چونکە ئاماژە بەوە دەکەن کە زانینی زمانی ئینگلیزی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئیشە ناوخۆییەکان و کۆمپانیا بیانییەکان، هەروەک بەخێوکەری ژمارە (٩) تیشکی خستۆتە سەر. هەر لەبارەی هەژمونی زمانی ئینگلیزی، یەکێک لە بەخێوکەران نیگەرانی ئەوەی نیشانداوە کە مەرجی دەستکەوتنی کار زانینی زمانی ئینگلیزییە، دەڵێت" ***چونکە لە ئێستادا هەموو کارەک داوای زمانی ئینگلیزی لێ دەکرێت بە داخەوە"*** (١١)، بەخێوکەری معارف.

ئەوەی لە وەڵامی ئەو بەشداربووانە دەبینرێت ئەوەیە کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی پێویستییەکی حەتمی بۆ منداڵەکانیانە کە ئەم پێویستییە بە زمانی دایک/ کوردی پڕ ناکرێتەوە، چونکە پێیان وایە ئەگەر منداڵەکانیان تەنیا زمانی کوردی بزانن ئەوا نەک تەنیا بۆ دەستکەوتنی کار بگرە بۆ قۆناغی خوێندنی زانکۆییش کێشەیان بۆ دروستدەبێت، چونکە بەخێوکەران ئاگاداری ئەوەن کە لەم قۆناغەدا کەمترین سەرچاوەی زانستی بە زمانی کوردی بەردەستدەکەوێت.

سەبارەت بە گرینگی پێدانی خوێندنی باڵا بە زمانی ئینگلیزی کە بۆچوونی دووەمە و تەنها دوو بەخێوکەر هەیانبوو، لەم ڕوانگەیەوە بەخێوکەرێک دەڵێت ***"چونکە وەزارەتی خوێندنی باڵا زیاتر گرنگی بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و زمانەکانی تر دەدات، هیچ پێشکەوتنێ نیە بۆ زمانی کوردیێ"*** (٢٤)، بەخێوکەری سابیس. ئەوەی ئەم بەخێوکەرە ئاماژەی پێداوە ئەو ڕاستییە پشتڕاستدەکاتەوە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە ئەرکی خۆی بەرامبەر بە زمانی کوردی هەڵنەستاوە، چونکە بە پێی یاسای ژمارە ١٠ی وەزارەتی خوێندنی باڵای ساڵی (٢٠٠٨) کە لە پەرلەمانی کوردستان/عیراقدا دەرچووە، لە یەکێک لە مادەکاندا دەڵێت: "کارکردن لە پێناوی کردنی زمانی کوردی بە زمانی فێرکردن و خوێندن لە قۆناغەکانی خوێندنی باڵا لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و هاندان و وەرگێڕان و دانانی چاپەمەنییە زانستی و ڕۆشەنبیری و ئەکادیمیاکان بۆ زمانی کوردی"، بەڵام تاوەکو ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵا هیچ هەنگاوێکی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نەناوە. هەر لە هەمان قوتابخانەدا بەخێوکەرێکی تر دەڵێت: ***"لە زانکۆ پێویستی دەبێت لە هەموو قۆناغەکانی بە کالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا پێویستی بە زمانی ئینگلیزییە"*** بەخێوکەری (٢٥)، قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس.

لەبارەی بۆچوونی سێیەمیش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، کە ١٦.١٪ بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە، لە وەڵامەکانیاندا ئەوە پێشاندەدەن کە زانینی زمانی ئینگلیزی وەک زانینی هەر زمانێکی تر پێویستە، نەک گرنگی ئەو زمانە و باڵا دەستبوونی بەسەر زمانی کوردی و زمانەکانی تردا. لەم بارەیەوە بە خێوکەرێک دەڵێت": ***" لەبەر ئەوەی زانینی هەموو زمانێک گرنگە بۆ مرۆڤ***" (١٢) ". بەهەمان شێوە بە خێوکەرێکیتریش  پێی وایە ***"وەک هەر زمانەک پێویستە بزانیت"***  (١٣).

پرسیاری سێیەم:

کۆتا پرسیاری نیمچە کراوەی ئەم پرسیارنامەیە بریتییە لە "ئایا لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا بە لاتانەوە گرنگە منداڵەکانتان زمانی دایکی/ کوردییان پارێزراو بێت و بە باشی فێریبببێت؟ چ ڕێکارێک بە کاردێنن لە ماڵەوە بۆ پاراستنی زمانی دایک/کوردی منداڵەکانتان؟ تکایە ڕوونی بکەرەوە"

وڵامی هەموو ئەو بەخێوکەرانەی هەریەکە لە قوتابخانەکانی معارفی نێودەوڵەتی و قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس، بەڵێ و ئەرێنی بووە. واتە بەڕێژەی ١٠٠٪ لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێت زمانی کوردی/ دایک پارێزراوبێت. بەڵام جیاوازی لە نێوان هەردوو قوتابخانەکەدا هەبوو بە پێی ئەو ڕێکارانەی کە بەخێوکەران بە مەبەستی پاراستنی ئەم زمانە گرتووبوویانە بەر. بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی تاکە ڕێگایەک کە بۆ پاراستنی زمانی دایک گرتوویانەتەبەر ئەوەیە کە ئەم زمانە لە ماڵەوە بەکاربهێندرێت. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە بەخێوکەرانی قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس جگە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ماڵەوە، میکانیزمی تریشیان بۆ پەرەپێدانی زیاتری ئەو زمانە و

پاراستنی بەکارهێناوە، وەکو: (دابینکردنی پەرتووک بە زمانی کوردی بە مەبەستی خوێندنەوە و تەرخانکردنی کات بۆ کەناڵە ناوخۆییەکان). هەرچەند کە ئەم پاراستنەش وەک هەستێکی نیشتیمانی و پێویستییەکی ڕۆژانە دەبینن و نەک پەرەدان بەزمانی کوردی. چونکە زۆربەیان ئاماژە بەوە دەکەن کە پێیان باشە تەنها لەماڵەوە ئەو زمانە بەکاربهێنن و نەک بۆ خوێندن یان بەکارهێنانی لە گشت کایەکانی ژیاندا. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆچوونی چەند بەخێوکەرێک دەخرێتەڕوو:

بەخێوکەری (١٠)، معارف: ***"زۆر گرنگە زمانی کوردی بە باشی بزانیت، چونکە ئێمە کوردین. گرنگترین ڕێکار ئەویش ئەوەیە لە ماڵەوە هەر بە کوردی قسە بکەین"***

بەخێوکەری (٨)، معارف: ***"هەمیشە زمانی دایک گرنگترین زمانە، بەڵام ئەوە لاریمان ناکات فێری زمانێکی تر بین وەک ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و هەر زمانێکی تر. بەڵام یەکەم جار زمانی دایک پاشان زمانی بیانی چونکە پێویستە هەستی نەتەوەیی هەر بمینێت و ئەو زمانە مەرجە بۆ مانی ئەو هەستە"***

بەخێوکەری (١٦)، سابیس: ***"زمانی دایک نیشانەی هەبوونی نەتەوەییە و پێویستە هەموومان هەوڵی بۆ بدەین کە بە پاراوی فێری منداڵەکانمان بکەین. خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی لە ماڵەوە باشترین ڕێکارە بۆ پاراستن و زیاتر پەرەپێدانی زمانی کوردی"***

بەخێوکەری (١٧)، سابیس: ***"بەڵێ زۆر گرنگە زمانی دایکی بپارێزێ، چونکە ئێمە هەرکات توانیمان منداڵەکەمان بە باشی زمانەکەی بپارێزێ، وڵات و نیشتیمانەکەشی دەپارێزیت. هەر لە ماڵەوە هەوڵ ئەدەین قسەی بە کوردی لەگەڵ بکەین "***

ئەوەی لە وەڵامی ئەم بەخێوکەرانەوە دەردەکەوێت، پاراستنی زمانی کوردییە وەک ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەویی و نەک وەک زمانی سەردەم و زانست و تەکنەلۆژیا.

سەبارەت بەوەی کە زمانی کوردی لەماڵەوە و بە مەبەستی پاراستنی بەکاردەهێنرێت، بۆچوونی چەند بەخێوکەرێک وەردەگرین:

بەخێوکەری (١٥)، معارف: ***"بێگومان بەڵێ چونکە زمانی دایک زمانێکی پێویستە بە قسە کردن لەگەڵی، بیرهێنانەوەی زمانی کوردی"*** ئەم بەخێوکەرەش ئەوە پیشاندەدات کە منداڵەکەی کێشەی لە زمانی کوردیدا هەیە و بۆیە بە قسەکردن لەگەڵی هەوڵی بەبیرهێنانەوەی ئەو زمانە دەدات.

بەخێوکەری (١٢)، معارف: ***"زۆر گرنگە منداڵەکەم زۆربەی کات بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵ دەکات بە کوردی وەڵام دەدەمەوە وە حەز دەکەم هەموو کات لە ناو ماڵ بە زمانی کوردی قسە بکرێت".*** وەڵامی ئەم بەخێوکەرەش ئەوە دەردەخات کە بەهۆی ئەو ژینگە زمانییەی بۆ منداڵەکەی دروستبووە، بە شێوەیەکی بەردەوام دەیەوێت لەگەڵ دایک و باوکیشی بە زمانی ئینگلیزی قسە

بکات، بۆیە هەمیشە دایکەکە بە مەبەستی پاراستنی ئەم زمانە هەوڵدەدات بە کوردی وەڵامی بداتەوە.

یەکێکیتر لە بەخێوکەرانی بەشدار ئەگەرچی پشتگیری لەوە دەکات کە زمانی کوردی بپارێزرێت، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوی بێ ئومێدی خۆی لە خوێندن بە زمانی کوردی پیشاندەدات و پێی وایە منداڵەکەی زمانی کوردی تەنها بۆ ئەوەندە بزانێت کە بتوانێت پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانەی پێوە بەڕێوەببات، ئەگەرنا نە بۆ زانکۆ و نە بۆ ژیانی دوای زانکۆ هیچ سوودێکی نیە، چونکە بەخێوکەرەکە ئەوەی لە ژیانی واقیعی خۆیدا ئەزموون کردووە. هەروەک دەڵێت: ***"بە ڕای خۆم پێویستە منداڵ زمانی کوردی (دایک و باوک) بزانێت تا ڕادەیەک کە ئیشەکانی خۆی پێوە بەڕێ بکات، من خۆم خوێندنم هەمووی بە زمانی کوردی بوو تا گەیشتمە زانکۆ، بەڵام هیچ سودێکی بۆ من نەبوو لە کاتی زانکۆ و لە دوایی دا "*** بەخێوکەری (١٤)، معارف.

بەخێوکەرێکی تریش سەرەرای پشتگیری خۆی بۆ پاراستنی زمانی دایک/ کوردی، لە هەمان کاتدا نیگەرانیی خۆی پیشانداوە و درکی بەوە کردووە کە ئەگەر منداڵ لە سەرەتادا زمانی دایکی وەرنەگرێت، ئەوا کاریگەری لەسەر فێربوونی زمانی دووەمیشی دەبێت. بۆیە ئەم بەخێوکەرە لەڕێگەی ستراتیژی بەکارهێنانی پەرتووکی کوردی و ئاخاوتن لەگەڵ منداڵەکەی هەوڵیداوە زمانی کوردی بە منداڵەکانی بناسێنێت و ئەمەش ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە منداڵەکەی لە قوتابخانە هیچ زانیارییەکی لەسەر زمانی دایک/کوردی دەستناکەوێت، بۆیە ڕێکاری تایبەتی گرتووەتەبەر تاوەکو چارەسەری ئەم گرفتەی پێ بکات. هەروەک دەڵێت:

***" زمانی دایک هەمیشە پێویستە یەکەم زمان بێت کە فێری منداڵان دەکرێت. زانینی زمانی دایک کاریگەریی هەیە لەسەر فێربوونی زمانی دووەم، لە ناساندنی زمانەکە بە شێوەی ئاخاوتن منداڵەکانم بە زمانی کوردی ناساندووە"*** بەخێوکەری (٧)، معارف.

هەرچی قوتابخانەی سابیسە لە پاڵ بەکارهێنانی ڕێکاری قسەکردن بە زمانی کوردی لە ماڵەوەدا، میکانیزمی تریشیان بۆ پاراستنی زمانی دایک پەیڕەوکردووە. لەم ڕوانگەیەوە بۆچوونی چەند بەخێوکەرێک وەردەگرین. بەخێوکەری (١٨)، سابیس: ***"بەڵێ زۆر گرنگە زمانی دایک پارێزراو بێت، و ئەو ڕێکارانەش قسەکردنی ئەندامانی خێزان بە زمانی دایک و خوێندنەوەی ڕۆمان و کتێب و بە سەیرکردنی بەرنامەکان بە زمانی دایکن"***

بەخێوکەری (١٩)، سابیس: ***"بەڵێ زۆر گرنگە دایک و باوک سەرەتا هانی منداڵەکانیان بدەن بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بە زمانی کوردی بدەن، شانازی پێوەبکەن قسەکردن بە کوردی لە ماڵەوە و خوێندنەوەی ئەو پەرتووکانەی کە کوردین یان سەیرکردنی بەرنامە کوردییەکان"***

لە تێڕوانینی هەریەکە لەم بەخێوکەرانەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوان بە مەبەستی دروستکردنی ژینگەیەکی زمانی هاوسەنگ بۆ منداڵەکانیان زیاتر لە میکانیزمێک پەیڕەودەکەن، واتە پێیان وایە بە تەنها و بە قسەکردن بە زمانی کوردی لە ماڵەوە ناتوانن هاوکاری منداڵەکانیان

بۆ فێربوونی ئەم زمانە ببن، بۆیە گرنگیان داوە بە دابینکردنی پەرتوکی کوردی بە مەبەستی خوێندەواری و لەگەڵ سەیرکردنی کەناڵ و بەرنامە ناوخۆییەکاندا.

یەکێکی تر لە بابەتە جیاوازەکان کە بەخێوکەرانی سابیس بۆ پاراستنی زمانی کوردی تیشکیان خستووەتە سەر، بەڵام بەخێوکەرانی معارف بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیان پێنەکردووە، ئەویش ڕۆڵی ئەو قوتابخانە ئینگلیزیانەیە کە منداڵەکانیان لێی دەخوێنن. لەم بارەیەوە بۆچوونی چەند بەخێوکەرێک وەردەگرین:

بەخێوکەری ژمارە (٢٠) سابیس ***"چەند ساڵێک پێش ئێستا قوتابخانەکەتان سۆرانی نێودەوڵەتی وەک پێویست یارمەتیدەرنەبوو بۆ فێربوونیان بۆ زمانی دایک، بەڵام ئێستا باشن دەرسی کوردییان زیادکردووە هیوادارم زیاتر پەرەی پێبدەن"***

لێرەدا ئەم بەخێوکەرە تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی قوتابخانە لە فێربوونی زمانی دایک و گەشەپێدانی، چونکە سەرباری ئەوەی گشت بابەتەکانیان بە زمانی ئینگلیزین، بەڵام گرنگییەکی ئەوتۆ بە زمانی کوردی نادەن و ئەم وتەیەی ئەم بەخێوکەرە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە قوتابخانەکانی خوێندنی ئینگلیزی کەمترین بەشە وانە بۆ وانەی کوردی لە هەفتەیەکدا دادەنێن و هەر بۆیە قوتابییەکان ڕووبەڕووی داخورانی زمانی دەبنەوە.

بەهەمان شێوە بەخێوکەرێکی تر وەردەگرین، کە قوتابخانە بە هۆکارێکی تەواو بۆ نەزانینی زمانی کوردی منداڵەکەی دادەنێت و دەڵێت ***"منداڵەکەم زمانی کوردی باش نازانێت و زمانی کوردی بەقوربانی ئینگلیزی بووە، بۆیە بڕیارم داوە لە ساڵێکی تر منداڵم لە قوتابخانەی ئینگلیزی دەربێنم"*** بەخێوکەری (٢١)، سابیس.

بەخێوکەرێکی تریش ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە چاودێری ئەو قوتابییانە بکرێت کە لە قوتابخانەی زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، ئەگەرنا تووشی لەدەستدانی زمانی کوردی دەبنەوە، هەروەک دەڵێت ***"ئەگەر منداڵ چاودێری نەکرێت بەتایبەت ئەو قوتابییانەی لە قوتابخانەکانی زمانی ئینگلیزی دەخوێنن زمانی کوردییان لەبیردەچێتەوە"*** بەخێوەری ژمارە (٢٢)، سابیس.

دوای هەڵسەنگاندن و پۆلێنکردنی بابەتەکانی وەڵامی پرسیاری سێیەمی بەخێوکەرانی هەریەکە لە قوتابخانەکانی معارفی نێودەوڵەتی و قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس دەرکەوت کە تاکە ڕێگا کە بەخێوکەرانی معارفی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی زمانی کوردی پەیڕەوی دەکەن، قسەکردنە بە زمانی کوردی لەماڵەوە. لە کاتێکدا بەخێوکەرانی قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس جگە لە قسەکردن بە زمانی کوردی، گرنگی بە خوێندنەوەی پەرتووکی کوردی و تەرخانکردنی کات بۆ سەیرکردنی کەناڵە نێوخۆییەکان دەدەن کە ئەمەش جیاوازی داخورانی زمانی کوردیمان لە نێوان قوتابیانی معارفی نێودەوڵەتی، کە زیاتر ڕووبەڕووی داخورانی زمانی بە بەراورد بە قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس بوونەتەوە، پیشاندەدات. چونکە بەخێوکەرانی قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتی سابیس ژینگەیەکی لەبارتریان بۆفێربوونی زمانی کوردی لەماڵەوە دروستکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانیوە ڕێگربن لەو داخورانە

زمانییەی کە منداڵەکانیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، هەروەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکی و دیارەکانی داخورانی زمانی منداڵەکانیان قوتابخانەکەیانە کە ئەویش بە زمانی دایکیان نییە. واتە قوتابییانی هەردوو قوتابخانەکە تووشی داخورانی زمانی بوون، بەڵام معارفی نێودەوڵەتی بەڕێژەیەکی زیاتر.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لە کۆی ٣١ بەخێوکەری معارف کە وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە، ٩٦.٧٪ی ئاماژەیان بەوە داوە کە بۆ پاراستنی زمانی دایک/ کوردی ئەو ڕێکارەی گرتوویانەتەبەر بریتییە لە هاندانی منداڵەکانیان بە قسەکردن بەزمانی دایک/ کوردی لە ماڵەوە. بەڵام لەبەرامبەردا لە کۆی ئەم ٣١ بەشداربووە تەنیا یەک بەخێوکەر ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زمانی دایک/کوردی بکرێت، پێوستە زمانی کوردی نەک تەنها بۆ قسەکردنی ژیانی ڕۆژانە بەڵکو بۆ زمانی خوێندنیش بەکاربهێندرێت، ؛ هەر وەک دەڵێت: " ***بێگومان منداڵ پێشی قوتابخانە بە زمانی دایک ئاخاوتنەکان دەکات کاتێ دەچێتە قوتابخانە پێویستە بە هەمان شێوە زمانی دایکی بخوێنێت بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو بۆشاییەکی زمانەوانی دابڕانی گەورە، چونکە بە دڵنیاییەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هەموو کارلێککردنێکی ئەو منداڵە لەگەڵ پرۆسەی فێربوون و خوێندنی"*** بەخێوکەری (٥)، کە ئەمەش ڕێژەی ٣.٢٪ بەشداربووان دەگرێتەوە. واتە ئەم بەخێوکەرە بەرامبەر بە مانەوەی زمانی کوردی/ دایک ئەگەر وەک زمانی خوێندنی قوتابخانە بەکارنەهێندرێت، گەشبین نیە».

هەرچی قوتابخانەی سۆرانی نێودەوڵەتیی سابیسیشە لە کۆی ٤٥ بەخێوکەر کە وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە، ٤٠٪ ئاماژەیان بەوە داوە کە بۆ مەبەستی پاراستنی زمانی دایکی منداڵەکانیان بە زمانی کوردی قسە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، بەڵام لەبەرامبەردا ٤٨.٨٪ ی بەخێوکەران ئاماژە بەوە دەکەن کە جگە لە قسەکردن بە زمانی دایک، ڕێکاری تریش دەگرنەبەر و لەوانە (دابینکردنی پەرتووک بە زمانی کوردی و تەرخانکردنی کات بۆ کەناڵە ناوخۆییەکان)ە بە مەبەستی پەرەپێدانی زیاتری لایەنی زمانی منداڵەکانیان. هەروەها ٨.٨٪ی بەخێوکەران ئاماژەیان بەوە داوە کە قوتابخانەی خوێندنی ئینگلیزی هۆکاری لە بیرکردن و داخورانی زمانی دایکی منداڵەکانیانن، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت لە کۆی ئەم ٤٥ بەخێوکەرە تەنیا یەک بەخێوکەر ئاماژەی بەوە کردووە کە چۆن منداڵ سەرەتا بە زمانی دایک زمانی ئەپژێت، پێویستە هەر بەم زمانە فێری خوێندن و زانست بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە بۆچوونی ئەم بەخێوکەرە وەردەگرین ***"بێگومان زمانی دایک یەکەمین و سەرەتاییترین زمانە. کە مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیدا کە زمان دەگرێت پێش ڕۆیشتن بۆ قوتابخانەش منداڵ فێری زمانی دایک دەبێت، ئاخاوتنی پێدەکات، پێویستە هەر بەو زمانەش فێری خوێندەواری زانست ببێت"*** بەخێوکەر (٢٣) سابیس، کە دەکاتە ٢.٢٪ ی بەخێوکەران.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە نێوان بەخێوکەرانی هەردوو قوتابخانەکەدا، تەنها دوو بەخێوکەر درکیان بەوە کردەوە کە دەبێت زمانی دایک بۆ خوێندن و فێربوونی زانست بەکاربهێندرێت، تاوەکو بتوانێت لە نێوان نەوەکانی ئەو زمانەدا بەردەوام بمێنێتەوە.

## ئەنجام

١. لە وەڵامی بەشداربووانی ئەم توێژینەوە، سەداسەدی دایکان وباوکان پەروەردە کردنی منداڵەکانیان بە زمانی کوردی بە هەنگاوی پاشەکشەی منداڵەکانیان لە ژیانی ئەکادیمی و ئایندەدا دەزانن. بۆیە دەیانەوێت منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن و پێیان وایە ئەگەر منداڵەکانیان تەنیا زمانی کوردی بزانن ئەوا نەک تەنیا بۆ دەستکەوتنی کار، بگرە بۆ قۆناغی خوێندنی زانکۆییش کێشەیان بۆ دروستدەبێت. چونکە بەخێوکەران ئاگاداری ئەوەن کە کاتێک منداڵەکانیان دەچن بۆ زانکۆ، یەکەم کێشە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە نەبوونی سەرچاوەی زانستییە بە زمانی دایک/کوردی.

٢. سەدا سەدی دایک و باوکان لەگەڵ ئەوەدان کە منداڵەکانیان جووتزمانبن، چونکە لەپاڵ فێربوونی زمانی ئینگلیزی کە ئایندەی منداڵەکانیان لە زانینی ئەم زمانەدا دەبیننەوە، لە هەمان کاتتدا دەیانەوێت منداڵەکانیان زمانی دایکیان بزانن و بیپارێزن. بەڵام بەخێوکەران تووشی ئاستەنگ بوون لە پاراستنی زمانی دایکی منداڵەکانیان، چونکە نەیانتوانیوە ئەم زمانەی منداڵەکانیان لە داخوران بپارێزن.

## پێشنیار

بەپشتبەستن بەم تێڕوانینەی دایک و باوکان، ئەوە بە دیار دەکەوێت کە بەرانبەر بە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی هەڵوێستی ئەرێنیان هەیە و ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر زمانی نەتەوییمان، بۆیە توێژینەوەکە پێشنیاری ئەم دوو خاڵەی خوارەوە دەکات:

١. پێویستە لایەنی پەیوەندیدار، کۆمەڵگا بە گشتی و دایک و باوکان بە تایبەتی لەڕێگەی ئەم جۆرە توێژینەوەوانە لە لایەنە نەرێنییەکانی خوێندن بە زمانی دووەم/ئینگلیزی لە پێش تەمەنی ١٢ ساڵیدا ئاگاداربکەنەوە، چونکە ئەوان ئاگادارنین کە پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک کاریگەریی باشی لەسەر لایەنی زانستی منداڵەکانیان هەیە و لە هەمان کاتدا کاریگەریی لەسەر زووتر و باشتر فێربوونی زمانی دووەمدا هەیە.

٢.پێوێستە دایک و باوکان منداڵەکانیان ناچار بە خوێندن بەزمانی دووەم/بێگانە نەکەن و لانیکەم لێیان بگەڕێن بازنەی یەکەم و دووەمی خوێندیان بە زمانی دایک/کوردی بێت.

## پاشکۆی (١)
## شارەزایان

| ژ | ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | پلەی زانستی | وڵات |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. قەیس کاکل تۆفیق | زمانی کوردی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٢ | د.کاروان عومەر قادر | زمانی کوردی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٣ | د. شیلان عومەر حسێن | زمانی کوردی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٤ | د ئاڤێشتا کەمال مەحمود | زمانەوانی دەرونی | پرۆفیسۆر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| | هەڵسەنگێنەری نەناسراو | زمانی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٦ | د شێروان حسێن | زمانی کوردی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٧ | د. ئاراز حکیم رەزا | دەرونزانی پەروەردەیی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٨ | د کاروان کاکەبرا کاکەمد | دەرونزانی زمانەوانی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | هەرێمی کوردستان-عیراق |
| ٩ | د سەعید فەقێ برایم | کۆمەڵناسی | مامۆستا | هەرێمی کوردستان-عیراق |

# فۆرمی ڕاپرسی شارەزایان
# ژمارە(٢)

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

بۆ بەڕێز(                                                        )

سڵاو و ڕێز

ئەم فۆرمی ڕاپرسییەی، کە لە بەردەستی بەڕێزتاندایە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی ئامادەکراوە بۆ دکتۆرانامەیەک بە ناونیشانی: داخورانی زمانی کوردی بە کاریگەری خوێندن بە زمانی ئینگلیزی.

مەبەست لەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی داخورانی زمانی دایکی (کوردی)یە لەلایەن ئەو قوتابیانەی، کە لە پۆلی (٧،٨،٩)ی بنەڕەتین و خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە، بریتییە لە کۆمەڵێک پرسیار، کە ئاڕاستەی دایک و باوکان دەکرێن، بە مەبەستی دیاریکردنی هۆکارە نازمانییەکان، کە ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر داخورانی زمانی دایکی ئەو قوتابیانەی، کە لە قوتابخانەی زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، چونکە ئەوان بڕیاریان داوە منداڵەکانیان لەم قوتابخانانە بخوێنن، بۆیە بە پێویست دەزانرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە لە دایک و باوکی ئەو قوتابیانە وەربگیرێت.

بە هۆی ئەو شارەزاییەی بەڕێزتان وەک پسپۆڕێک هەتانە داواتان لێدەکەین، کە پرسیارەکان لە ڕووی زانستییەوە هەڵبسەنگێنن و ڕاوبۆچوونی خۆتان لەسەر فۆرمی ڕاپرسیی دکتۆرانامەکەم بخەنەڕوو، ڕا و سەرنجی ئێوە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ڕاپرسیەکە. هاوکاریتان جێگای سوپاس و ڕێزە

## فۆرمی ڕاپرسی(بەرژەنامە)

١ . بەلاتەوە گرنگە منداڵەکەت لە کەمترین ماوە فێری زمانی ئینگلیزی ببێت؟ چ ریکارێک لە ماڵەوە بەکاردەهێنن بۆ یارمەتیدانی منداڵەکەتان، بۆ ئەوەی لە کەمترین ماوە فێربوونی زمانی دووەم/ئینگلیزی ببێت؟ تکایە ڕونیبکەرەوە.

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

..........................................................................................................................................

..................

٢.بۆچی دەتەوێت منداڵەکەت فێری زمانی ئینگلیزی ببێت؟ تکایە ڕوونیبکەرەوە.

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..........................

٣. ئایا لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا بەلاتانەوە گرنگە منداڵەکەت زمانی دایکی/ کوردی پارێزراوبێت و بە باشی فێربببێت؟ چ ڕێکاریک بەکار دێنن لە ماڵەوە بۆ پاراستنی زمانی دایک/ کوردی منداڵەکەت؟ تکایە ڕونیبکەرەوە.

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

..........................

## پاشکۆی ژمارە (٣)
## ڕەزامەندی بەشداربووان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
بەشی زمانی کوردی

دایک و باوکی خۆشەویست من ناوم هاژە چیچۆ محمدئەمین، قوتابی دکتۆرام لە زانکۆی سۆران/فاکەڵتیی ئاداب/ بەشی کوردی. داوا لە ئێوەی دایک و باوک دەکەم، کە منداڵەکانتان قوتابی پۆلی(٧، ٨، ٩) ی بنەڕەتین بەشداری لە توێژینەوەکەم بکەن بە پڕکردنەوەی ئەم فۆڕمە ڕاپرسییە، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی زانیارییە بۆ توێژینەوەی دکتۆراکەم.

قوتابخانەی منداڵەکەتان ڕەزامەندی داوە و مۆڵەتیان پێداوم بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەم قوتابخانەیەدا، لە هەمان کاتیشدا ئاسانکاریمان بۆ دەکات، کە چۆن بتوانین لەگەڵ یەکتر لەپەیوەندی دابین، تاوەکوو بتوانم ئەم زانیارییانە کۆبکەمەوە.

بۆ دڵنیایی بەڕێزتان بەشداریکردنی ئێوەو منداڵەکەتان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نمرە و پێگەی منداڵەکەتان نابێت لە قوتابخانەکەیان، بەڵکو ئەم زانیارییانە تەنیا سودی بۆ توێژینەوەکەی من دەبێت، ئەگەر بڕیارتان دا بەشداری لە توێژینەوەکە بکەن، پێویستیتان بە نزیکەیی ١٥ خولەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم سێ پرسیارە.

دڵنیاشتان دەکەینەوە وەڵامەکانتان و ناوەکانتان بە شێوازێکی نهێنی دەپارێزرێت و تەنیا توێژینەوەکەو سەرپەرشتاری توێژینەوە دەتوانن وەڵامەکانتان ببینن، ئەم زانیارییانە، کە لە ئێوە وەردەگیرێت، جگە لەم توێژینەوەیە بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکارنایەت، قوتابی توێژینەوەکە بەرپرسیارێتی پارێزگاریکردن لە زانیارییەکان لە ئەستۆدەگرێت.

.ناو سیانی دایک یان باوک:                    ناوی سیانی منداڵەکەت                    پۆلی:

**پەراوێزەکان:**

[1] لێرەدا، کە باس لە زمانی خوێندن دەکرێت، مەبەست لە زمانی فێرکردنە لە قوتابخانەدا، کە میدیای پەیوەندییە بۆ گواستنەوەی زانست. ئەمە جیاوازە لە خودی فێرکردنی زمان، کە ڕێزمان و وشەسازی و نوسین و قسەکردنی زمانێک و مەنهەجێکی دیاریکراو بۆ فێرکردنی زمانی دووەم جگە لە زمانی دایکی پێکدەهێنن.

[٢] زمانی دایک لە توێژینەوەکاندا زۆر زاراوەی بۆ بەکارهاتووە، لەوانە: (زمانی دایک، زمانی یەکەم، زمانی زگماگ، زمانی ڕەسەن، زمانی کلتور، زمانی ماڵەوە) هەریەکە لەمانە مەبەست لێی ئەو زمانەیە، کە منداڵ یەکەمجار زمانی پێ دەپژێت و لە خێزانەکەی وەری دەگرێت.

[٣] لەمانە: (Mawarni,2021) (Flores, 2010)، (Montrul,2013)، ( kopke and Schmid, 2004).

## سەرچاوەکان


– ئاڤێستا کەمال مەحمود، (٢٠١٦). پێکداچونەکانی نێوان فەرهەنگی ئاوازەیی و پەنابەرێتی زمانیی (هەژموونی زمانیی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی بە نمونە). *گۆڤاری زانکۆی سلێمانی*، ژمارە (٥٠) بەشی (B).

– بەکر عومەر عەلی، کاروان عومەر قادر ، ئاڤێستا کەمال (٢٠١١). *بنەماکانی فێربوون و فێرکردن لە ڕوانگەی زانستی زمانی پەروەردەییەوە*، لێکۆڵینەوەکانی کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی، هەولێر.

– شیلان عوسمان عبدالرحمان (٢٠١٧). جووتزمانی و کاریگەری زمانی دووەم لەسەر زمانی دایک (بە نمونەی زمانی دەرچوانی قۆناغی (بنەڕەتی/ ئامادەیی) زمانی کوردی زمانی (دایک) و (زمانی دووەم (ئینگلیزی)*. مجلة الاستاز عدد خاص بلغة الكردية للمؤتمر العلمي الخامس*.

– شیلان عومەر حسێن (٢٠٢١*). زانستی زمانی کارەکیی*. چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

– عەدنان عبدوڵا عەبدولوەهاب (٢٠١٥). *وەرگرتنی زمان لای منداڵ*. نامەی ماستەر. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان. زانکۆی سلێمانی.

– Awuor, Quin (2019). Language Policy in Education: The Practicality of Its Implementation and Way Froward. Journal of Language, Technology Entrepreneurship in Africa, Vol.10 No. 1 May 2019

– Brown, Zoe & et al (1997). Language Use at Home and School: a Synthesis of Educators Research for Pacific. Pacific for Education and Learning, 3.

– Flores, Cristina (2010). The Effect of Age on Language Attrition: Evidence from Bilingual Returnees. Bilingualism, *Bilingualism: Language and Cognition* 13 (4) 533–546.

- Kim, Sun (2007). First Language Attrition in a Second Language Learning Environment. Auckland: The University of Auckland.
- Köpke, Barbara. & Schmid, Monika (2004). *Language Attrition: The Next Phase*. In M.S. Schmid, B. Köpke, M. Keijzer & L. Weilemar (2004). First Language Attrition, Amsterdam: John Benjamins.
- Mak, Emily & et al (2023). Parental Perceptions of Bilingualism and Home Language Vocabulary: Young Bilingual Children from Low-Income Immigrant Mexican American and Chinese American Families. *Frontiers in Psychology*, 10.
- Mawarni, Siwi Tri (2021). An alin Language in the Home Domain : A Case Study of a Child who cannot Speech the Parents Language. (Online). *LET: Linguistics, Literature and English Teaching Journal*, *11(1),158-176*. http://jurnal.uin-antasari.ac.id/index.php.
- Montrul, Silvina (2013). *First Language Retention and Attrition in an Adult Guatemalan Adoptee.* First Language Attrition, Edited by Monika S. Schmid and Barbara Köpke (٢٠١٣).Amsterdam/Philadelphia, John Benjamins.
- Phillipson, Robert (1996). *Linguistic Imperialism: African perspectives*. *ELT Journal*,*50(2)* ,160-167.(https://doi.org/10.1093/elt/50.2.160).
  - **SPOLSKY, BERNARD. & HULT, FRANCIS (2008).** ***THE HANDBOOK OF EDUCATIONAL LINGUISTICS. 1ST ED*****, BLACKWELL PUBLISHING, LTD.**
- Tembe, J. & Norton, B. (2008). Promoting Local Languages in Ugandan Primary Schools: The Community as Stakeholder. *The Canadian Modern Language Review*, 65(1), 33-60.
- Tharp, Roland & Gallimore, Ronald (1989). Rousing Minds to life: Teaching, Learning, and Schooling in Social Context. New York: Cambridge University Press.
- UNESCO (2003). Education in a Multilingual World. (Online) *The United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization*. www.unesco.org/education .

## ملخص البحث

في العشرية الأخيرة اتجهت أولياء الامور بتربية أولادهم على التعلم باللغة الانجليزية، لذلك سعت الباحثة الى معرفة رؤية الوالدين على تربية اولادهم للتعلم باللغة الثانية، ألا و هي اللغة الانجليزية، و يهدف الباحثة الوصول الى مغزى الاستراتيجية المتبعة من قبل أولياء الامور لتعلم اولادهم بصورة مبكرة هذه اللغة و لماذا يسعون الى تعلم اولادهم اللغة الانجليزية و في الوقت نفسه لماذا يسعون الى أن يدسوا بهذه اللغة؟ و استندوا الى أي من الوسائل للحفاظ على اللغة الكردية من قبل ابنائهم؟

بهدف الوصول الى أجوبة الأسئلة المطروحة في البحث، و جمع المعلومات الكافية حول موضوع البحث استعملت الباحثة منهج الكيفية، و يتكون هذا المنهج من عدة أساليب، منها: المقابلة، الاستبيان، الملاحظة،......الخ.

طبقت الباحثة اسلوب الاستبيان لجمع المعلومات اللازمة من المشاركين، و نوعية الأسئلة يكون أسئلة شبه مغلقة، لأن صياغة الأسئلة يحتاج الى التوضيح بعد الحصول على الاجابة.

و في الختام وصلت الباحثة الى نتائج عدة منها ان التعلم باللغة الانجليزية لها تاثير بالغ على اللغة الكردية كلغة الام، و بشكل عام أولياء الامور لم يدركوا سلبيات هذا النوع من التعلم ، مع ذلك كان لديهم موقف ايجابي باتجاه التعلم باللغة الكردية، بالاضافة الى ارادتهم المحافظة على اللغة الام. لكن بهذه الطرق المتبعة لم يستطيعوا الحفاظ على اللغة الام/الكردية، و ان يكون النجاح حليف اولادهم، لأن عانوا و بنسبة كبيرة من ازدواجية اللغة.

الكلمات المفتاحية: اللغة الأم، اللغة الثانية، وسيلة التدريس، ثنائية اللغة العائلية، تعدد اللغات، استنزاف اللغة.